# پەیڤێک

لەکاتی کارکردنم لەفەرمانگە کشتوکاڵییەکان، هەروەها لەگەڵ ڕێکخراوە جیهانی و نافەرمییەکان، وێڕای چاپکردنی بابەتی زانستی و بڵاوکردنەوەیان، کارمەندی باشیشم هەڵبژاردبوو، وەك نموونە:

١- ئەبوبەکر سابیر

٢- عەبدولستارفەرەج

٣- قاسم عەبدوللاّ

٤- جەلالی حەمەدئەمین

ئەمانەی سەرەوە گشتییان ئەندازیاری کشتوکاڵ و دەرچووی کۆلێژی کشتوکاڵی بەغدان و لەتەمەنی من نزیکن و لەکارکردن پەیوەندی باشمان پێکەوە هەبوو. جەلال زۆر مەست بوو، ئەبوبەکر سابیر زۆر زوو تۆڕە دەبوو و کەسێکی خۆشباوەڕیش بوو، هەروەها کەمێکیش ڕەقەکار بوو. قاسم، هەرچەندە ئەمن تەمەنم لەو گەورەتر بوو، بەڵام لەگەڵ من زۆر نزیك بوو، پێکەوە کۆلێژمان تەواوکرد. ئەمن لەترسی سەربازی بەپیری چووبوومە بەرهەویری بۆ خوێندن. هەردووکمان ژن و منداڵمان هەبوو. قاسم سەرەڕای ئەمەش، دایك و باوك و خوشك و براشی لەئەستۆ بوو. قاسم لەماوەی ساڵانی دوایی خوێندنی لەکارگەیەکی پلاستیك، لەدوای دەوام، بەشەو کاری دەکرد و بەڕۆژیش دەیخوێند. هەردووکمان بەشی ناوخۆییمان نەبوو. ئەمن هەموو هەفتان دەهاتمەوە هەولێر، دوای نیوەڕۆی چوارشەممان لەگەڵ وەستاکانی سپیکاری و دارتاشی

خانی و کاشی و لەبغ، لەکاری زەرعکردن بۆیان، کرێیەکی باشم وەردەگرت. باشترین سەرمایەم لە کڕینی تەماتە و ڕەوانکردنی بۆ کارگەی دۆشاوی حەریر دەستکەوت. بە داهاتی ئەوکارانە، کەموکورتییەکانی ئابووری خۆمم چارەکردبوو.

شایانی باسە ئەوانەی لەگەڵ من کاریان دەکرد کەسانی زیرەك و دڵپاك و دەستپاك و لێهاتوو بوون. دڵسۆز و کارامە بوون لە کارەکانیان و جێگەی ڕێز و سوپاسن. بەهۆی ئەوانەوە سەرکەوتم لەکارەکانم ئەویش بەهۆی هەڵبژاردنی کەسانی وڵاتپارێز و نیشتمانپەروەر و گەلحەز بوو. هەر هەمووشیان هەژاری کوڕی هەژاران بوون و نرخی هەژارییان دەزانی.

کاتێ پێشنیارم بۆ قاسم عەبدوڵڵا کرد تا لە نووسینی پەرتووکی: دەردەکانی بەرووبوومە داکراوەکان هاریکاریم بکات، ئەمن بە سەرچاوەی پێویست و وێنەی ڕەنگین و خاوێن و پێرستی ناوەڕۆکەکەم ئامادەکردبوو و زاراوە نەزانراوەکانیشم بۆی وەرگێڕا سەر زمانی کۆردی و پێم گوت هاریکاریم بکە بە خۆڕایی. زۆرجار کرێی ماندووبوونیشیان نەدەدایێ. بابەتی درێژم بۆبەرنامەی کشتوکاڵ بەناوی برادەرەکانم بڵاودەکردەوە تاوەکو لەڕووی دارایییەوە سوودی لێببینن. نامیلکەی قەدسمەم بەناوی کاك جەلال بڵاوکردەوە کەچی بۆخۆشم نووسیبووم. قاسم سێجار پەرتووکی دەردەکانی مێرووە داکراوەکانی بەدەست نووسیەوە بێئەوەی بیزاری دەربڕێ و زۆریش گوێڕایەڵ بوو. دەبی بگووترێ کە لە ئەنجامی ئەو کارانەمان هیچ دەستکەوتێکمان نەبوو بەڵکو تەنها وەك ئەرکێکی خۆمان ئەنجامەمان داوە.